## مەلا هادی ئەفخەم زادە

بنەماڵەی ئەفخەم، لانیکەم لە سەردەمی سەردار علیخانی سەردار موکرییەوە *(ژمارە 1ی ئەم وتارانە)* لە کاری "دیوانی" دا بوون. میرزا مەحموودی ئەفخەم کاتبی سەردار و جێگەی بڕوای ئەو بوو. سەردار عەلیخان هەروەها زاوای "نەسیری" یەکان بووە، کە ئەوانیش خزمی تایفەی ئەفخەم بوون.

جگە لە پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵات، کوڕانی ئەفخەم بەگشتی خاوەن فەرهەنگ و خوێندەوار بوون. *میرزا عەبدوڵڵای ئەفخەم* لە خۆشخەتی دا کەم کەس گرەوی لێ دەبردەوە و هەروەها لە کاری لاسایی کردنەوەی شێوە خەتی خەڵکانی دیکە و کۆپی کردنیاندا وەستا بوو. *میرزا برایمی ئەفخەمی* شاعیر، نوکتەباز و مێژوونووس بوو و شوێنەوارە بەنرخەکەی – واتە "تاریخ فرهنگ و ادب مکریان" (بەرگی 1 بۆکان، بەرگی 2 مەهاباد و شنۆ) یەکەم کاری جیددی بوو کە بۆ پاراستن و زیندووڕاگرتنی مێژووی ناوچەکە بەتایبەت بۆکان بەڕێوە چوو و تێیدا دەیان بەڵگەنامە و وێنەی بەنرخ پارێزرا. میرزا *محەمەدی ئەفخەمی* خەباتکارێکی ڕێگای مافی وەرزێران لە گوندەکانی دەور و پشتی بۆکان بوو و لە ساڵانی دوای 1341 و ئیسلاحاتی زەوی و زاردا هاوڕێ لەگەڵ نەمر محەمەدی نووری، سەفی گوندنشینانی دژ بە ئاغاواتی ناوچەکە ڕێک دەخست. نەک هەر ئەو، هەموو ئەندامانی بنەماڵەکە دژ بە ئاغا و دەرەبەگ بوون و دوورنییە ئەوە ڕەنگدانەوەیەکی ئاسایی بارودۆخی بنەماڵەیەک بێت کە دوای لەدەست چوونی دەسەڵاتی سەردارەکانی بۆکان، لە دەسەڵاتدا نەمان و کەوتنە بەر ڕق و غەزەبی خاوەن مڵکە تازەکان.

نەمر مەلا هادی ئەفخەم زادەش کوڕی ئەفخەم و واهەیە خەڵکی ترین و ناسراوترین کەسی بنەماڵەکە بێت لە لای نەوەی تازەتر. مەلا هادی دەرس بێژی مەدرەسەی سەرا لە نێوان بۆکان و سەقز و مامۆستای ژمارەیەکی زۆر فەقێ مەلا بووە کە هەموویانی بە وانەی دژایەتی کردنی خورافات و بۆ خزمەتی خەڵک پەروەردە کردوون. مامۆستا مەلا هادی خاوەنی چەندین بەرگ کتێبە بە کوردی و فارسی و عەرەبی، کە هەندێکیان لە لایەن خۆی و کوڕە گەورەکەی – مەرحومی کاک ناسیح ئەفخەم زادەوە بڵاو کراونەتەوە. مامۆستا، هەروەها بە دیاردەی دژایەتی کردنی شێخایەتی و نووشتە نووسین و چاکەپەڕۆ بە ناوبانگە و لە ساڵانی دەوروبەری 1340 [1960] دا، بە بڕینی دارێکی چاکی لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان، بەردی خستە حەوزی لیخن و مەندی باوەڕی پڕوپووچ و بەوەش کۆتایی بە مێژوویەکی دووروودرێژی خورافات هێنا کە تان و پۆی وڵاتی داگرتبوو، ئەگەر کۆماری ئیسلامی مەلاکان سەرلەنوێ زیندووی نەکردایەتەوە!

بە هیوای ئەوەی لە دوارۆژی نزیکدا سەرجەمی کتێبەکانی مامۆستا بە ژیننامەی تێروتەسەلی خۆیەوە بڵاو بێتەوە.

لەم ڕۆژانەدا ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان پارچە شیعرێکی کوردیی مامۆستا مەلا هادی بڵاو کردۆتەوە کە لە ساڵی 1324[1945] دا بۆ پێشەوای نەمر قازی محەمەدی گوتووە و هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی خۆی بەرانبەر بەو و حکوومەتی میللی کوردستان دەربڕیوە. بە گوێرەی شیعرەکە، نازناوی شیعری مامۆستا، "خێرخوا" بووە.

ئەوەش شیعرەکە :

**بە نیوی یە زدانی پاک**

**لە سالی 1324هە تاوی ماموستا مە لا هادی ئە فخم زادە بۆ موبارە ک بادی پێشە وا ی شە هید( قازی محە مە د) ئە م شیعرە ی بۆ دە نێرێت .پێشە وای نە مر شیعرە کە ماچ دە کات و دە ستوری چاپ کردنی لە رۆژنامە ی کوردوستانی ئە و سە ر دە مە دا دە دات**

**موددە تیکە وام تە مایە مە حزی زیارە ت واوە بێم**

**دە ستی تە قدیر دە مگرێ توند نا یەڵێ تا کو هە لێم**

**من لە سە ر زیممە ی ئیرادە ت لام وە زیفە و لازمە**

**زوودە بو بۆ دە ست بوسی هە ر بە سە ربێم و هە لێم**

**هە ر کە هە ستم بۆ زیارە ت رو بە سابڵاغ رێ کە وم**

**ئە ز قە زا زنجیری مانع حازرە دە کرێتە پێم**

**ئە ی دە بێ مانع چ بێ وا من لە دوری مامە وە**

**چت عە رز کە م چون دە توانم من لە تە قدیر چی بڵێم**

**گە ر چی ئە و ڕۆ چونکە دورم وا لە خوشی بێ بە شم**

**یانی زۆر دورم لە نیزیک تو و کە س نازانی کێم**

**با وجود، زۆر شاد مانم ئیفتخاری پێ دە کە م**

**چون دە زانم بێتو و نە مرم، ئاخری روژێکی دێم**

**وا نە زانی من کە دورم دووری بی حیسس و شوعور**

**دورێکی وریا و خە بە ردارم، بلێم چی دوورە دێم**

**وا مە زانن من کە دوورم دوورێکی بێ هە ست وفام**

**رووح و فیکرم ناردووە، ئاواتە خوازم وا لە وێم**

**رۆژێ بوو، خاکی عیراق بوو هیمە تم هە نگاوی بوو،**

**رێگە وا بە سراوە، ئێستا "کانیە کویرە" بۆتە ڕێم**

**کاتێ بوو رازی نە بووم حە تتا بە عیلمی حیکمە تیش**

سه یری وه زعم که ئه وێستا چون خه ریکی ئه لف و بێم

حیسس و عیشقی سه ر به خۆیی پێی له ڕۆیین خستووم

فیکری حالی کورده کان، گۆشه و که ناری کرده جێم

کوردم و کوردی به ڕاستی پیاوی ئازاو کۆڵنه ده ر

داخه که م چ بکه م شکاوه باڵ و ده ست و چوک و پێم

خۆ ئەمن هه رگیز له دوژمن باک و ئه ندێشه م نییه

دۆستی خوێری و بێ وه فا وو بێ هونه ر هاتۆته جێم

خۆشه ویستی تۆ به ڕاستی بۆته ئاڵقه، چۆته گوێم

هه ر دوعایه بۆ وجوودت باسی ڕۆژ و یا شه وێم

من ئه وی قابیل به تۆیه نیمه هیچ غه یره ز دوعا

چون مه لا دیاریی دوعایه، وا به شێعری ڕۆ ده نێم

حه زره تی قازی محه مه د! پێشه وای ئازیزی کورد!

یاڕه بی خوا لێت مه باره ک کا! به گیان و دڵ ده لێم

بو تەڕه ققی دین و دونیای میلله تی کورد هه ر بژی

بەڵکوو تا ماوم ببینم سه ر به خۆیی شارو دێم

تووڕه یی و ترس و درۆ و ده عییه و ته ماعت قه ت نه بێ

موخلیست "خیر خوا"، له بۆ ته رویجی دین زۆر چاوه ڕێم